Region Örebro län
Smittskyddsenheten

Hans Fredlund, Gunlög Rasmussen 2016-03-03

Information latent tuberkulos/Sorani

# زانیاریی لەبارەی سیلی حەشاردراو

## نەخۆشی سیل چیە؟

هۆی نەخۆشی سیل، تووشبوونی بەکتریایە ، کە بە پلەی یەکەم سیپەلك تووشی دەبێت، بەڵام دەتوانێت تووشی ئەندامی تری لەش بکات.

## چۆن تووشی نەخۆشی سیل دەبی؟

کاتێ کەسێك سیلی سیپەلکەی هەیە دەکۆخێ، بەکتریاکان بڵاودەبنەوە لە ناو با و ئەو کەسانە لە دەروبەری نەخۆشەکەیە، لە ڕێگای هەناسەکێشانەوە لەوانەیە بەکتریاکان وەربگرن. ئەو کەسانە بەکتریای سیل وەردەگرن، هەموویان تووشی نەخۆشییەکە نابن.

## سیلی حەشاردراو چیە؟

زۆربەی ئەو کەسانە کە تووشی بەکتریای سیل دەبن، نەخۆش ناکەون. هێزی بەرگریی لەش دەتوانێت گەشەکردنی بەکتریاکان ڕابگرێت. بەکتریاکان دەمێننەوە لە ناو لەشدا، بەڵام چالاك نین و پشوویان هەیە. ئەمە پێی دەوترێت نەخۆشی سیلی حەشاردراو.

کەسێك کە سیلی حەشاردراوی هەیە

- ساخە
- ناتوانێت نەخۆشی سیل بڵاوبکاتەوە بۆ کەسانی تر
- ئەرێنیی PPD هەیە (تاقیکردنەوەی پێست) یان IGRA (تاقیکردنەوەی خوێن)

## ئایا مرۆڤ دەتوانێت سیلی حەشاردراو بگۆڕێت بۆ سیلی چالاك؟

ئا، بەڵام ئەمە ئاسایی نیە. لە دە کەس کە سیلی شاردراوەیان هەیە، نۆیان هەرگیز سیلەکەیان نابێتە نەخۆشییەکی چالاك. مەترسی چالاکبوونی سیل زۆرترە

- بۆ ئەوانە کە تازە تووشی سیل بوونە، لە ماوەی دوو ساڵ پاش تووشبوونیان
- بۆ منداڵی بچووك
- پاش سکپڕیی
- ئەگەر مرۆڤ نەخۆشیی تری هەیە یان بەکارهێنانی دەرمان کە کارتێدەکاتە سەر بەرگریی جەستەیی

## چی نیشانەی نەخۆشی سیلی چالاکە؟

- کۆخەی درێژخایان زۆرتر لە 3 هەفتە
- تا
- ئارەقکردن بە شەوانە
- کەمکردنی کێشی لەش
- پەنەمانی گلاندی لیمفی

ئەگەر یەکێ لەو نیشانانەی سەرەوە دەرکەوت، دەبێ مرۆڤ پەیوەندیی بە پزیشکەوە بکات تا بزانرێت ئایا ئەوە نەخۆشیی سیلی چالاکە یان نا.

## ئایا مرۆڤ دەتوانێت سیلی حەشارکراوە تیماربکات؟

تیمارکردنی سیلی حەشارکراوە دەکرێت لە هەندێ دۆخی تایبەتدا تا مەترسیی گۆڕینی بۆ نەخۆشیی سیلی چالاك کەمبکرێتەوە. ئەو کەسانە تازە تووشی سیل بوونە یان بەهۆیەکی ترەوە مەترسیی زۆر بووە کە سیلەکە ببێتە نەخۆشیی سیلی چالاك، ئەو کاتە

Region Örebro län, Smittskyddsenheten
Box 1613, 701 16 Örebro
E-post: smittskydd@regionorebrolan.se
www.regionorebrolan.se